# 5/13 ی هەڵەبجە پێش 3/16

ئاسۆ عەبدوللەتیف

ئەم رۆژانەی کە تێپەڕی بەسەرماندا یادەوەری خۆپیشاندانێکی کەم وێنەی هەڵەبجە بوو لەوپەری دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی بەعسدا کە دواتر زیندەبەچاڵی خورماڵ و بامۆکی لێکەوتەوەو گەرەکێکی هەڵەبجە بەتەواوی وێران بوو لەسەر دەستی بەعسیەکان کە گەرەکی کانی عاشقان بوو، کە بە تی ئێن تی تەقاندیانەوە لە پاش کۆنترۆڵکردنی خۆپیشاندانەکەوە بە هێزی عەسکەرتاری و دەنگی گوللەی دۆشکەو قەسفی تەیارە، دەبوو ئەم رۆژە وەکو بناغەیەکی پتەوی داواکردنی ئازادی و دەنگ هەڵبرین و نەبەزین وەك یادێکی مێژووی یاد بکرایەتەوە کە بوویە ئلهامدەری سەرکەوتنەکانی کورد و لەوێوە ئیدی دەلاقەکان بەرووی بەرەی کوردستانی و حیزبی کوردیدا کرانەوە و کێشەی کورد تا رادەیەك بە جیهانی بو، بەڵام بەداخەوە دەسەڵات تا ئێستا ئەم مێژووەی لەبیرکردوە، ئەم مێژووە 1987/5/13 نابێت ببێتە ئەڵقەی وون و لەبریکراو لە پاش 88/3/16 کە بە موزاهەرە خوێناویەکە بەناوبانگەو دەیان برینداری لێکەوتەوەو دەیان خێزانیش ئاوارەی ئێران بون و چەند شەهیدێکیشی لێکەوتەوە لەگەڵ زیندە بەچاڵکردنی زیاتر لە 100 بریندار، یەکەمین شەهیدی خۆپیشاندەریش مەریوان حەمە رەشیدی جوانەمەرگ بوو کە لەگەڵ سەدان هاورێ و خوێندکارو قوتابی دواناوەندیدا کە هەندێکیشیان قوتابی شەش بوون و سەرگەرمی سەعیکردن بوون رژابوونە سەر جادەو بەرەو رووی بارەگای مونەزەمەی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات و سەرا کۆنەکەو مەعەسکەر دەرۆشتن و بەرەو رووی فیشەکی دۆشکەی ئەمن و ئیستیخبارات باکیان بە مەرگ نەبوو بەدروشمی (بروخێ بەعسی فاشی)(الجنود اخواننا صدام عدواننا) کە لەو کاتەدا ئەمکارە هەڵزنان بوو بە لوتکەداو جۆرێك بوو لە موستەحیل و مەحاڵ، تەنانەت پێشمەرگەش خۆیان باوەریان بە رۆژێکی وەها نەدەکرد کە دەستی ئاوەها بوەشێنرێت لە بەعس و ئاوا سوك و رسوایان بکەن لە بەردەم خەڵکی هەڵەبجەدا،

دەستکەوتەکانی رابردوو هەڵەبجە بەرهەمی هێناو ئەوەی دوای راپەرینیش کۆمەڵێ بەرپرس دەستکەنەیان کرد، ئیتر ئەوە حیکمەتی ئەو دەسەڵاتەیە تابێ هەڵەبجەی پڕ ژان و یادەوەری پەراوێز ئەخرێ و ئەو شارەش کە هیچ یادەوەری و مێژوویەکی نییە ئەبرێ بە ئاسماناو هەزاران بیناو شەقام و کارخانەو ئوتێل و شوقەی تیا دروست ئەکرێ، دەکرێ بوترێت یادەوەری 5/13 ئەو رۆژە بوو بۆ یەکەم جار لوتی بەعسیەکانی شکاندو بەعسیەکانی هەژاند و هێنانیە لەرزە کە شارێك بەپێوە راوەستا دژی ستەمکاریەکانی بەعس و پیاوە جەللادەکانی، ئەودەمەی کە خەڵکی هەڵەبجە بۆ یەکەم جار رژانە سەرجادەو لەبەردەم دەسەڵاتی جەبەروتیانەی بەعسدا تفیان لە وێنەی سەرۆك سەدام کردو لە سەر وێنەکەی نوسیان لاتحچی زائد، ئیدی بەعسیەکان هەستیان بەو ستەم و دیکتاتۆریەتە کرد کە دروستیان کردبوو بۆ خەڵکی کوردستان و عیراق، دەبێ بزانین هەڵەبجە بەتەنها بریتی نییە لە 3/16 بەڵکو خاوەنی چەندین یادەوەری دیکەیە وەك چۆن لە 1987/5/13 دا سەلماندیان کە مەحاڵە کورد سەر نەوی بکات بۆ دوژمن هەروەك چۆن نەریتی سەرنەوی نەکردنی هەڵەبجەیەکان بۆتە کولتوری شەرەف بۆ تەواوی کوردستان، هەربۆیە رژێم کە زانی ئەم شارەو کورانی ئەم شارە سەر نەوی ناکات بۆ بریارو راسپاردەو تیۆرەکانی بەعس و عەفلەقی بە 10 مانگ پاش ئەو خۆپیشاندانە بەرنامەیەکی دیکەی دانا بۆ سەرکوتکردنی ئەو شارەو هەربە رووخاندنی گەرەکی کانی عاشقان و گرتن و راوەدونان و زیندەبەچاڵکردنەوە نەوەستان، بەڵکو بۆ یەکەم جار گازە ژەهراویەکانی تاقی کردەوە بەسەر هەڵەبجەداو لە 3/16دا تەواوی شاری کاولکردو هەزاران کەسی شەهیدکرد و بەمەش بە خەیاڵی خۆی تۆڵەی ئەو جوامێری و خۆپیشاندان و کوردپەروەریەی لە خەڵکی نیشتیمانپەروەری هەڵەبجە کردەوە، نەیزانی کارەساتی هەڵەبجە ئەبێتە هەوێنی سەرکەوتن و بەنێودەوڵەتی بوونی دۆزی کورد و ئەبێتە هێزی ئیلهامبەخشی راپەرینی 91 و دواجار ئازادکردنی کەرکوك و کوردستانی لێوە بەرهەمهات و کە هەموو سەرکەوتن و دەستکەوتەکان قەرزداری هەڵەبجەن، ئایا کارەسات نیە ئیدی هەڵەبجە کە ئەو هەموو یادەوەری و مێژووەی هەیە بچوکی بکەینەوە لە چەند داواکاریەکی بچوك و جێبەجێنەکراودا؟ ئایا رەوای حەقە هەڵەبجە موقارەنە بکرێ بە شارەکانی دیکە بۆ ئاوەدانی؟!

www.dengekan.com
5/12/2007